# دەستووریّکی دوور لەیەك ڕەنگ و یەك ڕەنگ دەنگ



**خالد سلێمان/ تایبەت بە دەنگەکان**

باس کردن لە دەستووری کوردستان لە نێوان دوو جیهان بینیدا خۆی دەگرێتەوە ، ئەوانەش ، یان خۆبەستنەوە بە گوتاری پەخشانئامێزی سیاسییەوە ، یان هەڵکەنینی دونیابینینێکی وەها کۆمەڵێ پرانسیپی نوێ بێنێتە ناو ژیانی مەدەنییەوە . لە باری یەکەمدا ئەرکەکە زۆر ئاسانەو بەلەبەرچاوگرتنی کۆمەڵێ یاساو ڕێسای کۆمەڵایەتی و ئاینی و کولتووری دەتوانرێت ئەو دەستوورە بنوسرێتەوە بەبێ سەر ئێشە؛ واتە ڕازی کردنی هەموو لایەک وبەردەوام بوون لەو چەمکە پارێزگارو شەرمنە کولوتوورییەی پێی وایە ڕەچاوکردنی بنەما سەرەکییەکانی کۆمەڵ لە ئەرکە سەرەتاییەکانی سیاسەت و دەستوورن . هەر لەم بارەیەشدا مافەکانی مرۆڤ و کۆمەڵ لە بارەی ئازادییەوە ئەبەسترێتەوە بەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی مافی خۆپاراستن و داکۆکی کردنی هەیە لە دەسەڵاتە هەمە جۆرەکانی کە لە ئاین و خێزان و ترادیسیۆنەکاندا خۆیان دەبیننەوە .

واتە ، ئازادی تا ئەو ڕادەیەی کۆمەڵ و مەرجەکانی پێی ڕازی بن ، لەدەرەوەی ئەوەشدا هەر ئازادییەک هەرەشە لە کولتوور و کۆمەڵ دەکات . دیارە لێرەدا نامەوێ باس لە دیموکراسی بکەم ، چونکە ئەمەیان پرۆسیسێکی شارستانی دوور و درێژە و بەبێ دابین کردنی بنەما سەرەکییەکانی ئازادی باشتر وایە دوور بین لە وتووێژ لەسەر دیموکراسی .

هەرچی پەیوەندی بە لایەنی دووەمەوە هەیە ؛ واتە هەڵکەنینی ( نحت ) جیهابینییەکی وەها کەمێک لە مەدەنییەت و ئازادییە مەدەنییەکانەوە نزیکمان بکاتەوە ، ئەوە خۆی لە بریارێکی سیاسی وەهادا ئەبینێتەوە کە دوو ئەرکی سەخت و لە یەکتر جیاواز بە ئەنجام بگەیەنێ . یەکەمیان وێرانەیە و هەرچی دووەمیشیانە بنیادنانی ئەو پراسیپانەیە وا سیمای کۆمەڵگایەکی مەدەنی دەپارێزن . لێرەدا مەبەستمە بلێم بنیادان نەک بنیادنانەوە ، چوونکە ئەمەی دووەمیان وا دەگەیەنێ کە ئەو پرانسیپانەی وا دێینە سەر ناوبردنیان هەبن و مێژوویەکیان هەبێت لە ناو کۆمەڵگای کوردستانیدا ، بەڵام ئەوەی یەکەمیان هێنانیان دەگەیەنێ و گرێبەستەکردنیان لەناو کۆمەڵدا بە پێی ئیرادەیەکی سیاسی . بۆیە باشتر وایە باس لە بنیادنانی کۆمەڵێ دەستکەوت بکەین کە بەرهەمی ئێمە نین و بەشێکن لە کەلەپووری شۆرشەکانی ئەوروپا و ئەمریکا ، بەڵام ئەتوانن مافەکانی ئێمە بپارێزن و بەرەو مەدەنی بوونمان پاڵ بنێن .

جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت ، مافەکانی ژنان ، ناساندنی " عنف " لە خێزاندا وەک تاوان ، قەدەغەکردنی کاری مناڵان ، قەدەغەکردنی راسیزم ، قەدەغەکردنی سیاسەتی هۆمۆژێنیک ( واتە سیاسەتی یەک ڕەنگ و یەک دەنگ و یەک بۆچوون و یەک سیمای نەتەوایەتی ) ، دابینکردنی مافەکانی کرێکاران و کاسبکاران و جوتیاران ، ناساندنی هەموو ناسنامە نەتەوەیی و ئاینییەکانی کوردستان وەک ئەوەی هەن ، پاراستنی هەمەجۆری کولتووری ، هەموو ئەمانە جورئەتێکی سیاسی گەورەیان ئەوێ ، ئەبێ هەموو چین و تێژەکانی کۆمەڵ و بەشێوەیەکی تایبەتیش " نوخبە" بەشداری تیا بکەن .

ئەوەی پێویستە بووترێت لەم بارەیەوە ئەوەیە کە ئازادی یان هەیە یان نییە ، هەر پاساوادنێکیش کە خۆی لە یاسا وپراسیپە کۆمەڵایەتی و ئاینی و کولتوورییەکاندا دەشارێتەوە بۆ دیاری کردنی سنووری ئازادییەکان تەنها ڕاکردن نەبێت لە ئازادی هیچ شتێکی تر ناگەیەنێ .

لەوانەیە ئەو " لێدەرە " سیاسییەی بڕیاری لەم شێوەیە وەردەگرێت و ، لە دەستووری کوردستاندا ئەم پرانسیپانەی سەرەوە دابین دەکات ، کۆمەڵێ هۆمۆژێنی نەتەوەیی و ئاینی و حیزبیش لەدەست بدات ، بەڵام گەلی کوردستان دەخاتە مێژووی مەدەنییەتەوە . هەر کاتێکیش بە شێوەیەکی دەستووری ئەو مافانە دابین کران و بوونە مومارەسەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسی ، ئەتوانرێت باس لە دیموکراسی بکرێت .